فەین لە نەوان ئازادیی و کاولکاریدا ئامانی بەندیەک هەبوو، دەی نەبوو.. نووسینی: داستان بەرزان.. خوێندنەوەی: باهەز مستەفا

مرۆڤ کاتێک لە شوێنکدا ئازار دەدرێت، چیتر ناتوانێت لەسەر ئەم خاکە بە ئارامی هەناسە بدات، پێنا دەباتە بەر ئێندێشە، کاتێکیش خاک خەی دەبێتە دەزگەخێک لە ئاسن و جەنگ و دەنگی ناڕەوا، باڵندەکان بەیار دەدەن بەدەنگ ببن.
چیرۆکەکە بە گەنجێک دەست پێدەکات لە ئاکامی دەمەقاڵێ و بەهەی لێدان و قسە ناڕەقەکانی باوکی، بە تووڕەییەکی زۆرەوە درگای حەوشەی ماڵەوە دادەخات و ڕوو لە شەقام دەکات، گەنجێکە باوەڕی وایە مرۆڤەکە لە سەرخۆ نییە و بە دوای شوێنکدا دەگەڕێت هیچ باوکێکی لێ نەبێت، چونکە باوکی ڕۆگەی پێنادات بە دوای خەونەکانیدا بڕوات، سواری تەکسییەکی شۆ و کۆن دەبێت، شوفێری تەکسییەکە پیاوێکی بەتەمەنە و شەوازی ئاخاوتنی لە خەڵکی گەرمیان دەچێت، توانج لە قسەکانی دەگرێت، کاتێک گەنجەکە دەڵێت باوکم ڕۆگە نادات شوێن خەونەکانم بکەوم و مافەکانم داگیر دەکات. شوفێرەکە زیاتر تووڕە دەبێت، سەیارەکە دەوەستێنێت و گەنجەکە بە جێنۆ دەردەکات.
پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە کامێرا و هەندێک کاغەز و پێنووسەوە ڕوو لە بازاڕی قەرەباغی باڵندەفرۆشەکان دەکات، ئامانجی سەرەکی لەم سەردانە، گەڕان بوو بە دوای باڵندەی بە دەدا، باڵندەیەک کە بەپێی ئەفسانە و ئێندێشەی خەڵکی شارەکە دەی نییە و تەنها کاتێک زیندوە کە لە ئاسماندا دەفڕێت، پاڵەوانی چیرۆکەکە ویستی بە کامێراکەی وێنەی بگرێت و وەک ئەرشیفێک بە مێژووی خورافیات لە شارەکەیاندا بپارێزێت شارێک کە ناوی سلێمانی بە ئەنگوستیلەکەی سلێمانەوە بەستراوەتەوە. لە وێدا کەترەکی شین لە ناو قەفەزێکی کۆن و زەنگاوییەوە بانگی گەنجەکە دەکات، گەنجەکە سەری سوورەدەستەنێت، بەڵام کەترەکە پێی دەڵێت تەواوی باڵندەکان لە زمانی مرۆڤ دەگەن، بەڵام بەیاریان داوە قسە نەکەن تا مرۆڤ زیاتر دەستیان بەسەردا نەگرێت، کەترەکە داوای لێدەکات چیرۆکێکی بە بە دەستکاری

بپارێزێت و بینووسێتەوە.
کۆترەکە دەست دەکات بە گۆرانووی بەسەرهاتی خۆی و هاوسەرەکەی (زان) لە پێش ڕووداوی دەنگە گەورەکە، کە ئاماژەیە بە هەرشی تۆپباران لە کاتی جەنگدا. لە کۆتا ڕۆژەکانی کرکووتنی کۆترەکە لەسەر هێلکەکانی، کاتێک لە چاوەڕوانی تروکانی هێلکەکان و لەدایکبوونی کەرپەی خۆزانەکەدا بوون، دەنگە گەورەکە دوا تۆپی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ناوچەکەی هەژاند. ماڵەکە وێران بوو، زان و هێلکەکان لەناوچوون، ژنەکە کەرپەکەی لەدەستدا و تووشی نەخۆشی دەروونی بوو، کۆترەکەش پڕ و باڵی شکا و لە ناو داروبەردەکەدا کەوت.
کاتێک کۆترەکە چیڕۆکەکەی بە گەنجەکە تەواو دەکات، کەیارێک (کوڕە سووركارەکە) دێت و کۆترەکە بە چەند فلسێک دەکڕێت و بەدەستی خۆی ملی هەڵدەکەشێت و دەیکاتە ناو کیسەی ڕەشەوە. کۆترەکە بە گوڕایەڵی کۆتایی بە ژیانی دێت، چونکە بە وتەی خۆی لە دوای دەنگە گەورەکەوە ژیانی کۆتایی پێهاتبوو، تەنها دەیوست لە ڕۆگەی گۆرانووی ئەم چیرۆکەوە خۆی لە لەبیرچوونەوە ڕزگار بکات.

کەمێگەی ئەدەبی و ڕەشنبیریی کوردی لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەموو دەقێکی نوێدا بەردەوام لە گۆڕانکی بووچاندایە بە دەزینووی ئەو فۆرم و زمانی بتوانێت بارستەی دژوار و قورسی ئازارە مێژووییەکان، جەنگە یەکلانەبووەکان، فەنتازیای مرۆڤی ڕاگوزراوی کوردی هەڵبگرێت. ڕەمانی (باڵندەیەک هەبوو، دڵی نەبوو)ی داستان بەرزان نموونەیەکی بەرچاو و بەرجەستەی ئەم هەوڵە نوێخوازییەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە. ئەم ڕەمانە گێشتکە لە نێوان سنوورە نادیارەکانی ئەقڵانییەت و خورافات، ئاسمانی بەرز و زەوی داماو، کارەساتی جەنگ و شاعیرییەتی عەشق لە هەمووشی گرنگتر پچڕانی سنووری نێوان ڕاستی و خەیاڵ.

جۆری ڕەمان
لە ڕووی پێڵێنکارییە ئەدەبییەوە، ڕەمانی باڵندەیەک هەبوو دڵی نەبوو دەکەوێتە چوارچێوەی ڕیالیزمی سحری ڕەهەندەکانی ڕەمانی مێژووییی و دەروونی ئاوێتە کراوە
ڕیالیزمی جادوویی، یان سحری، دەقێکە ڕووداوە نائاسایی و جادوویییەکان وەک ئاخاوتنی کۆترێک بە زمانی مرۆڤ، ئەفسانەی باڵندەی بە دڵ، ئاوێتەبوونی مرۆڤ و سروشت وەک ڕووداوی تەواو سروشتی و ئاسایی لە ناو کەشوهەوای ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێنێت. کارەکتەری سەرەکی بە هیچ دودڵییەک، یان سەرسوڕمانێک دەچێتە ناو

دیالۆگ لەگەڵ کۆتری شینەکەدا، ئەمڕۆ دروست بنەمای ڕیالیزمی جادوویی سنووری واقیع و خەیاڵە.
پاشخانی مێژووییە، هەوداوەکان لە سەروبەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرپادەبن، لە ناو ترسی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق، دەستاتی سەرکوتکەری بەعس، دادگاییکردن و لەسێدارەدانی منداڵان، بەمبارانی بەردەوامی شارەکان.
هەندی دەروونی، هەمانکە قووڵ دەبێتەوە لە ناو درامای خێزانی، تەنگژەی سەختی کەسێتی کارەکتەرەکان لەگەڵ باوکدا، ئەو شتبوونە شاعیرییەی بەرەکی مرۆڤەکان دەگرێت کاتێک لە ژێر گوشار و زەبری دەروونی کارەساتەکاندا ئیفلیج دەبن.

تەکنیکی ئەم هەمانە
هەمانووس لەم هەمانەدا کۆمەڵێک تەکنیکی ئاڵۆز و هاوچەرخی گێڕانەوەی بەکار هێناوە، دیارترینیان:
تەکنیکی چوارچێوەی دەقەکە لە هەگەی داشتنی چیرۆک لە ناو چیرۆکدا دروست دەبێت. دەستپێکی هەمانەکە چیرۆکێکی فێتگرافیرکە، کە لە زەبر و دەستاتی باوکی هەڕهاتووە و دەچێتە بازاڕی باندەفرۆشان، لەوێ کۆترێک دەبینێت و ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکات، دواتر گێڕانەوەکانی ئەم کۆترە دەبنە چوارچێوەی سەرەکییەکەی ناوەوە بە بازدان بەرەو گێڕانەوەی ژیانی کچێک بە ناوی (نیگا) هاوسەرەکەی، لە کاتی جەنگدا هەوڵی دروستکردنی هێلانەیەک بۆ خێزانەکەیان دەدەن.
فرەدەنگی و ڕەوانگەی نووسەر، دەنگەکانی ناو هەوداوەکە لە جووڵەی بەردەوامدان. هەندێک جار نووسەر پەمان دەڵێت: کە ئەمە دەنگی کۆترەکەیە، بەڵام لە وەرچەرخانێکدا، دەنگی گەڕاوە دەگۆڕێت و نووسەرەکە خۆی یان گەڕاوەی ناوەکی سنووری خەیاڵ دەپچڕێت و دەڵێت: من لێرە بە دوا چیتر گەڕاوەی هەمانێک نیم... ئەم بینەی سنووری خەیاڵ نیشانەی تێکەڵکردنی ئەنقەستی شوێنی نووسەر، گەڕاوە و خوێنەرە لە ئەزموونی ئازاردا.
هەما و میتافۆڕە سەرەکییەکان
باڵندەی بە دە: هەمایە بە مرۆڤی ژێر دەستاتی زەردار، کە تەنیا کاتێک هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، کە لە ئاسمانی ئازادییاندا بفڕێت، تەنانەت ئەگەر بە دە یان بە جەستەش بێت.
تاکسی کەنەکەی سەردەمی مۆلیک فەیسەڵ: هەمایەکە بە داهمانی ژەرخانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژووییی شارێک لە ڕابردوودا چەقیوە.
هەواگەکەی چێشتخانەکە (ساحیبە): هەمای هەگریەکانی ناوماڵ و گوشارە جەستەیی و هەژانییەکانە لە بەرانبەر خوونی جوانکاریی و دروستکردنی هێلانەیەکی ئارام.

یاری بە کات کات لە ڕۆمانکەدا یەک هەڵی ڕاست نییە، بەڵکو لە دەوری دەڤارێکی سەرکی دەخولێتەوە، کە نووسەر ناوی ناوە پاش دەنگە گەورەکە و پێش دەنگە گەورەکە. ئەم دەنگە گەورەیە تەقینەوەی بەمبیان تەپباران) دەبێتە خاڵی دابەشبوونی مێژوویی ناو دەقەکە.

هەڵوەشاندنەوەی سنووری واقیع و ئەفسانە. شاری سلێمانی لەم دەقەدا شارێکە لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا گیرساوەتەوە. گەڕانەوە بە کامێراکەیەوە دەگەڕێت تا وێنەی خیاڵ و ئەفسانەکانی شار بگرێت، بەڵام بەم کارەی تەدگات جیاکردنەوەی ئەفسانە لە واقیعی ئەم شارە مەحاڵە، شتێک وەک ئەفسانە یان خورافە تەماشای دەکەن لەوانە ئاخاوتنی باڵندە یان ئەفسانەی باڵندەی بە دە، لە بنەڕەتدا تەنیا و کەرستەیەکی دەروونییە بە هەڵهاتنی ڕووح لە ژێری گوشارە جەنگ.

مەتیقی باوک. ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستدەبات بە شیکردنەوەی سەرکوتکاریی سیستەمە دەسەڵاتدارەکان لە زەربەی ئاستەکاندا، لە ئاستی خەزانیدا باوکی گەڕەوە نیشاندەر و داپڵەسانەدنی خەونەکانی کوڕەکەیەتی، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پیاوانی گەنگ و شەفرەکان کولتوورێکی ڕەق و کۆنەپەرستانە دەکەن، لە ئاستی سیاسیدا سەرکە لەوبەخەندەکەی وڵات ئامادەیی هەیە، ئەو سەرکەی منداڵان دەباتە بەر پەتەکانی لەسەدارەدان و خەنک ناچار دەکات ئامێرەکانی تەلەڤزیۆنیان بشکێنن تا ڕاستیەکان نەبینن.
عەشق وەک تابلۆیەک لە نێوان باروت و وێرانکاریدا. لە نێوەندی ئەو هەموو تەپەکەی وێرانکاری و بەمبارانەدا، چیرۆکی خۆشەویستیی پیاوەکە و (نیگا)ی ژنی دووگیان وەک تابلۆیەکی پڕ لە هیوا و ڕۆشنایی دەگۆشتەوە. ڕۆمانووس لە دەگەی ئەم پەیوەندییەوە نیشانی دەدات چۆن مرۆڤەکان لە ناو جەنگ تووندەکان هەوە دەدەن مێژووی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی خۆیان بنووسنەوە، ئەوان مێژووی سەرهەڵدانی عەشقەکەیان دەکەنە بەرواری لەدایکبوونی نوێیان، بەڵام ئەم عەشقە ناسکەش ناتوانێت لە کارەساتی دەنگ گەورەکە دەربازی بێت و تووشی چارەنووسێکی تاڵ و کۆتایی‌نەهاتوو دەبێتەوە.
دەقی (باڵندەیەک هەبوو، دڵی نەبوو) دەقێکی جوانی ئەدەبییە بە بەدیارخستن و هەڵکەێنی بەدەنگی و ئازارەکانی مرۆڤ لە دەگەی گەانەوە و دەنگی مەخلووقاتێکی مات و بەدەنگ کە باڵندەیە. لەم دەقە توانیوێتی بە زمانێکی ڕەوان و سادە، بەڵام دەوڵەمەند بە وێنەی شاعیری و فەلسەفی، خوێنەر ڕاپێچی جیهانێک بکات، تێیدا سنووری نێوان مرۆڤ، باڵندە، مێژووی ڕاستەقینە و ئەفسانەی خەیاڵی بە تەواوی کاڵ دەبێتەوە.

ئامانجی بای ئەمانەکە خستنەووی پرسیارێکی جوهەری و فەلسەفییە لەسەر چەمکی فەین و هەشمەندی، ئایا لە جیهانێکدا کە سەرتاپای بە دڕندەقی و ستەمکاری تەندراوە، هەشمەندبوون و هەشیاری جۆرێکە لە تاوان یان شەتگیەیی و شەتبوون تەنیا دەروازەی ئزگاربوونی ڕووحی مرۆڤ لە سەردەمی کاولکاریدا؟ ئەمانەکە وەڵامێکی زەقمان نادات، بەڵکو خوێنەر لە ناو ئاسۆیەکی کراوە دەهێڵێتەوە.

سەرچاوە: داستان بەرزان، ٢٠٢١، باڵندەیەک هەبوو، دڵی نەبوو. چاپی یەکەم، چاپخانەی کارێ



چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ئێراق و فێبیای گەندەڵی داعش!.. سامان کەریم

بەیانی بەیانی ٣٠ی سێپتەمبەر ئێراق کۆتایی بە بوونی هێزی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بهێنێت لە وڵاتەکەدا. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئێراقدا بۆ کوردستانیشەوە، شایی و شینی پێکهێناوە، لە ئێراقی کوردی شینە(سەرەڕای ئاگیاندنی دوو ڕۆژ پشوو) و لە ئێراقی عەرەبی شایی‌و سێ ڕۆژ پشوو ئاگیەنراوە. کشانەوەی ئامریکا بۆ ڕێکەوتنی پێشتر بووە نێک کوتبە، بەڵام هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بگشتی وتانانێت لە کوردستانی ئێران و ئەوانی دیکەش

شۆڕاون، بۆ تایبەت سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لەوەش زیاتر دەستیان کردووە بە جموجۆڵ و پڕچەکردارێک کە لە ڕوانگەی خەیانەوە ڕەگەزی بکەن لەم هەنگاوەی ئامریکا، یان لایەنی کەم چەکی پێشکەوتوو و سیستەمی بەرگریان بە بڕبەهێن. بەڵام ئامریکا نە دەستی هەیە و نەشەرم نە هاوپەیمانی هەیە نە دوژمن، هەمیشە مامەڵەی سەرمایەدارانە دەکەن، سەرکەی پارتی زۆر باش ئەمە دەزانێت و لەم بارەوە ئەزموونی زۆرە. جیاوازی ئەمجارە ئەوەیە کە ئامریکا ئیتر جارێکی دیکە بە جبەخانەی گەورەی سەربازی و هەزەکانی مارینزەوە ناگەڕێتەوە بە ئێراق. بگومان بەم پێیە پارتی دیموکرات و سەرکەکەی سەرمایەو هەزەکی گەورەیان لەدەستداوە و مافی خەیانەی هوشیاری بدەن و بترسن.
لەم چوارچێوەیەدا مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەنالی الشرقیة نیوز دا ٢٧ی ئەیلول بەاوبۆتەوە بە ئاشکرا دەڵێ: "هیچ گەرەنتییەک نیە بە ڕەگرتن لە گەڕانەوەی داعش." وە لەوەش زیاتر دەڵێ "ترسی گەڕانەوەی داعش"هەیە، لە هەمانکاتدا دەنگ گەی ئەوە بەاوبۆتەوە کە زیاتر لە سەد ئەندامی داعشی لە زیندانیەکانی بادینان ڕایانکردووە!!. گریمان کاک مەسعود و مەسرورو نەچیرقان ئاگادار نین وسالی ٢٠١٤ش کە داعش هات و شەنگالیان ڕادەستکردن ئاگادار نەبوون کە داعش هەرش دەکات و یەزیدیەکان ئەنفال دەکرێن. مەسعود بارزانی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە داعش دروستکراوی ئەمریکاو دەستکانیەتی لە ناوچەکەدا، کەواتە پارتی ترسی چی هەیە لە داعش؟ یان بە ئەوەندە دەترسە؟!. پارتی دەزانێت ئەگەر داعش هەرش بکات، ئەوە سیاسەتی ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکەیەو ناونراوە داعش، ئەگەرنا ترس پێویست نیە لە هەرشکردنی 1500 یان ئەوپەڕی دەهەزار داعشی بەسەر کوردستان یان بە سەر ئێراق- زۆرترین ژمارەی داعشیەکان لە ڕاپەرتە ئەمریکیەکان باسدەکرێت لە هەرشی ساڵی ٢٠١٤ بەسەر موسڵ و شنگال 800-1500 چەکداربوون- لە بارەکدا کە ٣٦ساڵە هەزەکانی پارتی و حکومەتی هەرێمی پارتی دەسەڵاتدارن وموچەی سەدان هەزار سەرباز و پۆلیس و ئاسایش و دژە تیرۆر دەدەن!!! ئەمە بەجیا لەو هەموو هەزو حەشدی شەعبیەی ئێراق!!. ئەگەر ترسەک هەیە لە لایەن پارتی و مەسعود بارزانی و مەسرورەو(مەسرور بارزانی بە ئەمریکا دەڵێت شەرمەزاریە!!) ئەوە ترسە لە نەمانی پەناگیری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ترسە لە پگەی خۆی لە کوردستان و ئێراق و ناوچەکەدا، لەمبارەوە مافی خەیانە بترسن و داوای مانەوەی هەزەکان و چەک لە ئەمریکا بکەن ، بەڵام مافی ئەوەیان نیە بە داعش خۆی کوردستان بترسێنن، ئەی پێشمەرگەکان و زۆربانی لە کوێن؟! ئەی پۆلیس و ئاسایش دژە تیرۆرتان چکارێن؟!ئەی دەوڵەتی سەربەخۆ

یفراندم و ئابوری سەربەخۆ چیان لێهات؟! ئەو هەموو پاشکەوتی موچەو گومرگی برایم خەلیل و باجەکانی دیکە چیان بەسەرهات؟! ئەو هەموو سەروەت و سامانەی کوردستان کە بە ئەم هەزانە سەرف کراوان بۆچی بووە؟ مەگەر تەنها بە تەقاندن و ترساندنی خەڵکی کوردستان بوو؟!! بەکورتی ترسی پارتی و سەرکەکەی لە بچووکبوونەوەی قەبارەو سەرمایەی هەزکەیانە. قەناغیک کەتایی هات کە ٢٣ ساڵی خایاند، قوناغیکی تازە دەستی پێکردوە کە سیماکانی دیارە بەڵام جێگیر نەبووە.
زۆر پێشن لە ڕاگەیاندنی ئەو سەرکردانەی پارتیدا ئەوەیە، کە بە چەندین جار دوبارە بەتەوە: ، ئەهەی پاراستنی خەڵکی کوردستان کاری ئەوان نیە، ئەوان تەنها پارێزەری سەرمایەو کەمپانیاکانی ناوچەی خۆیانن. کرێکاران و برسیەکانی کوردستان بە بەرگری کردن لە خۆیان تەنها هەزی خۆیان هەیە کە پێویستە یەکگرتوو وەیکخراو بن.

سامان کەریم
٢٩ سیبتمبەر ٢٠٢٦

عەشق ئاوکێیە.. شیعر عەباس ئیسماعیل حەمەد

ئەمن لەوەم
قوتکەکانم لە بیرە
ئەستاش هەر لەوەم
قەت نەبوو سەردانی گەکەی پیرەزم کەی
لە خەتم بگرێ توند توند
ڕەی کانیەم لە ناکەوی ئەمن
لەوەم و دەچەمەوە
ئەمن گەلەک ئاوکی نەو پەنجەکانتم
سەر دانەوێنەوە و قومی لێدە
ئەمن بە حەزرەتی ناخم
ناخی زەوی
هەناسەی خانمکی کەوی

لە خەتم بگرە توند توند
ڕەی کانیەم لە ناکەوی ئەمن
بە گولمەک ماچ . . . بەم ناشکە ئەمن
فڕیکەگیزەکانم لە بیرە
ئەمن لە ئامێزتدا دەچەمێمەوە

عەباس ئیسماعیل حەمەد
29-09-2026

نۆڕی ونبووە: ئەوانەن یان ئەمە؟.. ئەمیەن زەواوی.. لە عەرەبیەوە: یاسین لەتیف

لە"نۆڕی ونبوو"، ئایا ئەمە بەڵاستی ونبوونە، یان شەوازەکی ژیانی نوێیە کە ئێم نۆڕە تازەیە تێیدا دەژین؛ نۆڕی شاشە، دراوی دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد؟ وا دیارە تێگەیشتنی وشەی "ونبوون" لە خەیاڵماندا بە مانایەکی نەرێنی دێت، وەک ئاوەی ونبوون حاڵەتێکی نوە و قبوڵنەکراو بێت و مەژووییی نەبێت، لە کاتێکدا هەموو نۆڕێک "ونبوونی مەژووییی" خۆی ژیاوە؛ چ بە کەمەو چ بە تاک، بەپێی ئاوەی لەو قۆناغەدا لە ئاستی ماددی، تەکنەلۆژی، کولتووری، ئایینی، فەلسەفی و جوانیناسیدا بەردەست بووە. بەگشتی چەمکی ونبوون لەلایەن ئەو نۆڕیانەوە دەردەبڕدرێت کە لە گۆڕەپانەکە دەکشێتەوە، یان خۆی بە وازهێنان ئامادە دەکات، بەرامبەر بە نۆڕێک کە بە بەها وخۆن و کابووس و زمانەکی نوەوە لە فەزاکەدا جێگەی خۆی دەکاتەوە. نۆڕی "هیپیی" و لەگەیدا فەلسەفەی بوونگەرایی، لە چاوی ئەو نۆڕیەی کە لە فەزای گشتی وسەرکردایەتی دەکشایەوە ، جۆی دەربڕینی ونبوون بوو. نۆڕی شەشی ئایاری ١٩٦٨ لە فەڕەنسا نۆڕیەکی تر بوو، بە بەهای شەشگەانەوە هات، سەبارەت بە ژن وخەزان و هاوسەرگیری وجێستە و ئاوەی دی و ئازادی.

لە چاوی نەوەی پارێزگاردا، کە مەبەستی کۆتایهاتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەوانەش نەوەیەکی ونبوو بوون.کاتێک لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە سەیری ونبوون دەکەین، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ونبوون دەربڕینی پچڕانێکی ئەپیستمەلۆژیە لەگەڵ کۆمەڵێک بیرکە و پراکتیکدا کە مێژوو بە هەموو تووندوتیژیەکەوە تێپەڕاندوون. فکری "ونبوون" دەربڕینی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیە بە داشتنەوەی چەمکی ئازادیی تاکەکەسی و گشتی، لە دژەوەی ئەو هەڵوانەی کە پێشتر کۆشراون.

لە جیهانی ئەمڕۆماندا، لەوانەش وڵاتانی هەژەمۆنی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، ئایا ئەمە بەڕاستی ووبەووی نەوەیەکی ونبوو بووینەتەوە، وەک ئەوەی هەژانە لە وتاری واعیزان، پەروەردکاران و سیاسەتمەداران دەیبیستین؟ یان ئەمە لەبەردەم نەوەیەکداین کە بەدوای هەڵوەشکی تردا دەگەڕێت جگە لە هەڵوەی باوک و باپیران، کە ئەمەش مافی مێژوویی ئەوانە؟ ئایا بەکارهێنانی دەستەواژەی "نەوەی ونبوو" گونجان نییە بە مانەوەی هەژموونی نەوەیەک کە دەکشتەوە بەسەر نەوەیەکی تردا کە بەرەو پێش دەچێت؟ ئایا ئەمە دەربڕینی ترس نییە لەدەستچوونی دەسەڵاتی باوکسالاری بە مانای هەمزی و سیاسی و کولتووریەکەی؟ ئایا ژیان بە مانایەکی بنەڕەتی خۆی گشتکی بە وێنە و نادیار نییە؟ ئایا ئێم گشتە نوبووەوە نییە کە تەنها حاڵەتێکە لە ونبوونی مرۆیی بەردەوام؟ئەوەی وەک ونبوون دەردەکەوێت، بە ئەندامی پەیوەستە بە فەلسەفەی گشتکردنەوە؛ ئەو وزەیەی عەقڵی نوێیە بە بەدیهێنانی ئازادیی تاکەکەسی و گشتی، لە بەرامبەر ئابردوویەک کە گوشاری خستووە، ئێستایەک کە شەواوە، و داهاتوویەک کە نادیارە. فکری "نەوەی ونبوو" دەربڕینی نامەبوونی باپیران و باوکە لە هەڵوەی جیهانی ئاڵۆزی نەوکانیان، بەهۆی خراپی گونجانی بارودۆخەکان و ئەو ئامرازانەی کە جیهانی پێ دەژین و پێی شرۆڤە دەکەن. نەوەیەک کە لە گۆڕەپانەکە دەکشتەوە، لە کاتێکدا لە زمانی نەوەی نوێ دەترسێت، نەوەی نوێ بەردەوام لە گشتە ناچاریەکەی خۆی، و ئەوەش حەتمیەتی مێژووە کە بڕیاری بە کۆسدا نایەت.لە چاوی نەوەی کۆنەوە، وادەردەکەوێت کە سەرچاوەی ونبوونی ئێم نەوەیە ئێم تەکنەلۆژیا ورد و دەندەیە، لەوانەش ژیریی دەستکرد ، یوتوب ، ئینستگرام ، تیک توک. بەڵام ئێم "نەوەیە" باوەی وایە ناتوانێت بچێتە ناو سەردەمکەی خۆیەوە جگە بەم ونبوونە ئەرێنییە، واتە هەڵحی گشتکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیادا.نەوەی کۆن بە "نەوەی ونبوو" ناوی دەبەن کاتێک باسی ئایین دەکەن بە ئاشکاوی و ئازادی، چونکە ئەوەی نەوەی کۆن لە چەند ساڵێک گونجان بۆی دەگەیشت، ئێم نەوەیە بە کرتەیەک لەسەر کیبەردی کۆمپیوتەر یان

شاشەی مۆبایلەکەی دەستی دەکەوێت. ئیتر پێویستیان بە کەس نییە تەفسیری دەقە پیرۆزەکانیان بۆ بکات، چونکە هەموو جارێ تەفسیرێک بەردەستە.
لە کۆتاییدا، دەپرسم کە ونبووە لەم گشتەی ژیاندا؟ وادەردەکەوێت کە "نەوەی ونبوو" نەوە نوێیەکە نییە، بەڵکو نەوە کۆنەکەیە، کە جار بە جار زیاتر لە گۆڕانکارییەکانی کەمدەگا، لە تەکنەلۆژیا، لە هونەرە نوێیەکان، لە تەلارسازی نوێ و لە هەموو جوانییە نوێیەکانی سەردەم نامۆ و ون دەبێت.

ئەمین زەواوی
_____
"اندبندنت عربية" – 3 أيلول 2026

«مۆیلەنگەنە»؛ لە نێوان هونەر و ڕۆخنەدا.. نووسینی: هەمەن عەلی

گرانیی «مۆیلەنگەنە» بە دەنگی سەنا بەرزنجی و باوکی، ژیار بەرزنجی، بووەتە بابەتی مشتومڕێک لەسەر ئازادیی هونەر و هەستیارییە کەمایەتییەکان. بەپێی تۆی میدیایی خۆک، ڕۆکخراوی «دیدار» سکاڵای لەسەریان تۆمار کردووە، و بەمەش مشتومڕەکە هەندێکی یاساییشی وەرگرتووە. بەڵام تۆمارکردنی سکاڵا بە مانای سەلماندنی تاوان نییە؛ بەپێ نابێت پێش بڕیاری دادگا، سەنا و باوکی بە تاوانبار بناسرێن.
لە مژووی گرانیی کوردیدا، پێکەوە گرانیگوتنی باوک و کچ شتێکی نوێ نییە. ناسر ڕەزازی و کچەکەی، دنیا، پێشتر پێکەوە ئاهەنگ و کۆنسێرتیان ساز کردووە. هەمەر دزەیی و کچەکەشی، لارا، گرانیی «کوردستان»یان بە هاوبەشی پێشکەش کردووە. کەواتە، خودی هاوبەشیی باوک و کچ نابێت ببێتە بنەمای گومان و تەمەت.
بەشێکی سەرکیی ڕۆخنەکان لە «مۆیلەنگەنە» لەسەر وشە و دەستەواژەکانی گرانییەکەن. ڕۆخنەگران پێیان وایە ئەو کۆپلانەی

وەسفی جەستەی دەکەن، ناگونجێت باوک و کچ پێکەوە بیانبینن. بەڵام گرانیبەژ، وەک ئەکتەر، هەمیشە دڕبڕی هەستی کەسیی خۆی نییە. بۆیە دەکرێت ڕەخنە لە هەڵبژاردنی گرانییەکە بگیرێت، بەبێ ئەوەی گومانی بەبەرگە بخرێتە سەر پەیوەندیی باوک و کچەکە.
هەموو کەسێک مافی ڕەخنەگرتنی هەیە، بەڵام ناڕەزایی لە بڕەمێکی هونەری ناڕەت ببێتە بیانوو بۆ وانەی ئەخلاقدان بە سەنا و باوکی یان سووکایەتیپێکردنیان. ئەوەی بۆ ناوی ڕەوشتەوە ڕەخنە دەگرێت، پەیوستە خەیشی ڕەز و دادپەروەری بپارێزێت.
بڕەمی سەنا و باوکی دەڕەت بۆ پەوەری هونەری هەڵبسەنگێنرێت، نەک پەیوەندیی خزانییان بکرێتە بابەتی گاڵتە و گومان. دەکرێت ناوەڕۆک یان شێوازی پشکشکردنەکەمان بۆ دەنڕەت و هاوکات دژی سووکایەتی و تەمەتبارکردنیان بوەستینەوە. ڕەخنە دەڕەت ڕەگەز بۆ گفتوگۆ بکاتەوە، نەک هونەرمەند بەدەنگ بکات.

سەرچاوەکان

١. تەڵەی میدیایی خەڵک. (٢٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٦). «سکاڵا لە دژی سانا بەرزنجی و باوکی تەمارکرا». https://xelk.org/2026/09/26/51282/
٢. سپی میدیا. (١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٦). «ناسری ڕەزازی نوێترین بڕەمی بە ناوی (نامەکانت) بڵاوکردەوە». https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&Jor=25&jmare=156776
٣. گۆتینگە. (بە بڕوار). «کوردستان» – هەڵەر دزەیی و لارا دزەیی. دەقی گرانی. https://gotingeh.com/berhem/homer-dizeyi-lara-dizeyi-kurdistan

---

دوو هێڕاوە بۆ منداڵان..
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

گوندەکەم

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ئای چەند جوانە گوندەکەم؟!
دیمەنی باخ و شاخی

کۆشوەوای بەهاری
بەرەمی ڕەزو باخی ..

باخندە ی سەر درەخت و
گیانداریی ماڵی و کێوی
ماسی و سەنە و مراوی
سامانی زەویی و ئاوی..

گوندم پڕ فڕەو جوانی
جێگای وەرزش و یاری
تینوو بوم ،دەیخەمەوە
ئاوی کانیی سازگاری .

زەوی گوندم پڕبەرەم
لەسەوزەو لە میوەی جوان
بەرەمی بەخشیوە بە
خەڵکی گوندوەم میوان..

گوندکەم ئاودانە
ماڵی ئاشتی و خەندەیە
خاوەن خەڵکی دڵسۆزو
هەمیشە بەخشندەیە .
-————————

وەرزشی جەستە

جەستەم بەجوڵەو وەرزش
ئاهەنگاوە بەیانیان
تا بەهەزبم ، بەیاری و
ئاکردنی گۆڕپان

ڕەژانە وەرزش دەکەم
زووش دەخەوم شەوانە
هەمیشە گورجوگۆڵم
دەخەشم بەم ژیانە.

دەچمەناو باخ و گوڵزار
هەڵدەمژم بەرامەی گوڵ
چاوانم پڕی گەشدەبن

ئارامیی دەدات بەدە

لەناو دەشت و سەوزایی و
هەوای سروشتەکی پاک
دەبینە دەست و هاوەڵی
نیشتمان وژینگە و خاک

دەی زو وەرن بە وەرزش
با لەسستی بەدوربین
وەرزش بکەین هەژانە
بۆئەوەی تەندروستبین..

شوێن پێکان بە بێ من.. شیعری نێوزاد بێندی

هەژانێک دێن و من لەوێ نیم
ئەو قەناغەیشمان تێپەڕاند، ئازیز..
لەو تەنیاییدا کە ئازانێ،
گەڵا غەریبیی دار ئەکا
یان دار غەریبیی گەڵا ..؟
لەو شارەدا .. بەرەبەرێ
ئەبین بە تارمایی ..
کەس نازانێ ئەمە لە تەمەن ئەچین
یان تەمەن لە ئەمە ئەڕوا ..
هەرچەندە بە ، یەکەکی تر بدەزنەوە ..
لە منیش نەچێ ، قەیناکا ..
یان تێ بەڕێ، ئەمە لە یەکچوونمان کوا ؟؟
دوای چوار پێنج ساڵ کەس ئەڵێ،
جاران ئەڕێ پێ بوو لە بێندەی خوا ..

شۆڕک ئامەڕکان غەریبیم ئەکەن،
ژووری ئێشکگرتن،
زەنگەکم بێ ئەکا ..

وەڵامی نادەمەوە ..
ئەترسم دڵی پێ بڵێ و ..
فرمێسک شارەکە ببا ..
لەو ڕۆژەوانەی کە وامئەزانی
قەت تەواو نابن ..
سەدریەکی سپی،
وەک لە سەدارە درابێ،
بە شێوازیی تەماشام ئەکا ..
ئەو کارگوزارانەی
هەموو ڕۆژێ ئەمبینین،
ئێستا کە سەاویان لێ بکا ؟
وامئەزانی ئەو گۆڕەپانە،
هەتا هەتایە بە فەرشی سوور
پێشوازیم ئەکا ..
لە بەردەم چاخانەیەکی سەفەریدا،
یەخەی خەم ئەگرم،
پەی ئەمم ئەرە کوا ؟
تۆ چل ساڵێ،
بە دوای قاچاخچییەکا وێیت،
بە تولەیەکا
بتگۆڕنتەوە بە زانکۆ ..
ئەوا فەرمانگەیشت لێ دەست دا ..
لە مەوقیفی پاسەکا،
یەخەی خەم ئەگرم،
پەی ئەمم کابرا !
تۆ بەرنامەسازیت کردبوو
بە گۆرانەوەی منایی،
ئەمێ کەی
هاوێ پیرەکانیشت لێ دەست دا ..
ئاوەدانەوە گرانترە یان ڕاکردن ؟
کەوتن بە زیندوەتیی باشترە یان مردن ؟
ئەو هەموو پێنوس و عەتر و کراست بۆچی بوو ؟
ئەو هەموو خەونت لێ چاوە کەیبوو ؟
ئەو ڕۆژەی کە ئیتر پڵەپڵ کردن تەواو ..
ئەو ڕۆژەی کە ئیتر کاتژمێر تەواو ..
ئیمزا تەواو ..
عەتر و قوونیا، تەواو ..

لە خاڵی ئەلفەوە بەرەو خاڵی با، تەواو ..
ئەو هەموو شیعرەت بۆ کێ نوسی بوو ؟
لاپەڕەکان ئازاد کە، با بفڕن .. بڕۆن ..
واز لە ووشە بێنە، کەوڵەکەن ..!
دانیشە بە دیار دیژلەمە و
فڕۆشگا دەسگەڕەکانی ناو کەڵان ..
هەر تۆ نیت، ئازیز ..
ئەو دنیا فێڵبازە
هەمووانی هەڵخەڵەتان ..